سەرۆك کۆمار پێشوازی لە باڵیۆزی ئوردن دەکات

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ سێشەمە 12-3-2024 لە کۆشکی سەلام لە بەغداد، پێشوازی لە باڵیۆز مونتەسر زەعبی باڵیۆزی شانشینی ئوردن کرد، کە بەبۆنەی کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی سەردانی سەرۆك کۆماری کرد.

نوسیگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردووە :-لە میانی دیدارەکەدا، سەرۆك کۆمار ڕەزی باڵیۆز مونتەسر زەعبی لە پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەرزنرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکەکانی داهاتویدا.

لای خۆیەوە باڵیۆز مونتەسر زەعبی خواستی وڵاتەکەی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق دەربڕی، هەروەك پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ ئاسایش و سەقامگیریی عێراق دوپاتکردەوە.